# وەڵامێك بە دانیشتنەوە بۆ رامان حەسەن

## دەرخستنی راستییەكان عەیبە نییە

كاروان عەلی
Karwanali@yahoo.com

تووشی شۆك هاتم كاتێك سەرلەبەیانیی رۆژی ٩/٢٥ سایتی كوردستان نێتم كردەوە.. كەسێك كە ناوی لەخۆی ناوە (رامان حەسەن) و گوایا لە كەنەدایە، هەروا بەسەر پێیەوە جنێونامەیەكی وەك وەڵام بۆ بابەتێكم كە رۆژی ٩/١٧ لە هەمان سایتدا بڵاومكردۆتەوە، داومەتەوە.

ئەو (رامان) ناوە، كە خۆی بە رۆژنامەنووس دانانیو تەنها خۆی بەخوێنەری رۆژنامە دادەنێت، هێڵێكی بەرگریی وای بۆ رۆژنامەنووسان داناوە، وا بەناوی رۆژنامەنووسانەوە قسە دەكات، وەك بڵێی ئێمە دژی رۆژنامەنووسانو پیشەی رۆژنامەنووسی بین كە دواجار پیشەكەی خۆمانە.

ئازیزم.. پێش ئەوەی بچمە ناواخنی ئەو روونكردنەوانەی كە بۆت دەخەمەڕوو، دەمەوێ پێت بڵێم كە خەڵكو رەنگە تۆش باش بزانن من دژی پرۆسەی بەشانو باڵهەڵدانم. تۆش چاك دەزانیت من لە كوردستانی نوێ وەك رۆژنامەیەكی حزبیو نیوەندێكی كاری رۆژنامەگەرییو یەكەم رۆژنامەی رۆژانەی دوای راپەڕینیش، كاردەكەمو راو هەڵوێستیشم چۆنە. ئەوەش دەزانی كە مەبەستم لەكەداركردنی سومعەی رۆژنامە ئەهلییەكانی سلێمانی نییەو چاكیش دەزانی مەبەستم كێیە.

تۆ خۆت كە بێشەرمانە هێرشێكی ناڕەوات كردووە، چۆن بەمن دەڵێی بێشەرمانە مەبەستی خۆم دەرخستووە؟ تۆ وەك خۆت دەڵێی لەكەنەدا دەژییت" ئەی ئەگەر وایە چۆن تا ئێستا فێری ئسلوبی رەخنەو وەڵام دانەوەی هێمنانە نەبووی؟ چۆنە ئسلوبی اولاد الشوارع– ت بەكارهێناوەو بەجنێوو قسەی ناشرینەوە دابەزیویتو دەتەوێ بەماستاوچیو كوێرانە بەرگریكەر وەسفم بكەی؟

من" وەك تۆ ئاماژەت پێكردووە، هەرچیی رۆژنامەی ئەهلیی هەیە نەمكردووە بە هیچ، من دەڵێم هەندێكو ناوی هیچ رۆژنامەیەكم نەبردووە، كەچی تۆ بەناوهێنانی هاووڵاتیو رای گشتی" دەتەوێ ئەوانیش بخزێنیە نێوەو بۆچوونە هەڵانەی خۆت. باشە بۆناوی هەندێك بڵاوكراوەیتر نابەیت كە ئەو شتانەی من باسم كردوون، شمولیان دەكات؟؟

ئازیزم. تۆ دەڵێی بە ئاشكرا بەرگریی خۆتت لە رۆژنامە حزبییەكان دەربڕیوە. جا ئەوە چ عەیبەیەكی تێدایە؟ من لەگەڵ ئەوەی كتابێكم لەسەر كاری رۆژنامەنووسیی حزبی داناوە بەناوی (ئازادیی لە رۆژنامەگەریی حزبیدا) كە تێیدا رەخنەو كەموكورتییەكانی رۆژنامەگەریی حزبیو هاوكات لایەنە ئیجابییەكانیشم خستۆتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆم بە شانازییەوە ئەندامێكی ستافی رۆژنامەی كوردستانی نوێمو لە راگەیاندنی حكومەتیش كاردەكەم، كەچی دەتەوێ منیش وەك تۆو ئەو رۆژنامە سپلانەی كە لە نووسینەكەی پێشتر باسم كردبوون، بەختو خۆڕایی بەرەی دژ بە رۆژنامەی حزبو حكومەت هەڵبژێرمو وەك نەخۆشێكی نەخۆش بە بابەتی دەروونییەوە، دژی هەموو شتێكی سەنگین بم.

جگەلەوەش" كاتێك رۆژنامەی حزبی تاكی كوردی بەهەستی نەتەوایەتیو بەفیكرو زانیاریی نوێ تەیار دەكرد" نەتۆو نەخاوەنی هەندێك لەو رۆژنامە ئەهلییانەی باسم كردبوون، هێشتا لەدایك نەبووبوون؟ خۆ ئەگەر



www.kurdistannet.org

واشبووبن نەلەدوورو نەلەنزیك جورئەتیان نەبووە ئەوەی رۆژنامەنووسێكی حزبی، ئەوەی رۆژنامەی حزبێكی رەسەن دەیكرد، ئەوان بیكەن. ناشبێ ئەوەت لەیاد بچێ كە كوردستانی نوێو برایەتی، وەك دوو رۆژنامەی دوو حزبی دوو دەسەڵات، قوتابخانەیەك بوونەو چەندین رۆژنامەنووسیان پێگەیاندووە.

ئازیزم. . تۆ پێم دەڵێی رۆژنامەنووس نیتو هیچت پێ نییە! من ئەو قسەیەت وەك شتێكی شەخسی لێ قبوڵ دەكەم، بەڵام تۆ باش دەزانیت ئیمكانیاتو رۆڵی من چییە لەو رۆژنامە حزبییەی كە تۆ دژایەتیی دەكەی، دیارە باشیش دەمناسی" كەچی دەڵێی وەك لە برادەرێكی نزیكم پرسیار كردووە! بەراستی سەیرە، تۆ وەك خۆت ئاماژەت پێكردووە كە رۆژانە ئینتەرنێت بەكاردێنیو موتابەعەی رۆژنامەكانی كوردستان دەكەی، كەچی چاوت بەرایی ناداو ئەوەندەت رق لە كوردستانی نوێیە، بۆیە ناچیتە سەر سایتی ئەم رۆژنامەیە تا بزانیت رۆڵی قەڵەمی من چییەو لە كوێیە.

كاك رامانی بەڕێز، تۆ مەسەلەكەت زۆر بەشەخسی وەرگرتووەو زۆر ناشرینانە ئەم قسە حەلەقو مەلەقانەت نووسیوە، وا پێدەچێت خۆت یەكێك بێت لە سەرنووسەری ئەم رۆژنامانەی كە پێشتر باسم كردوونو لێرەن لە سلێمانی. . دەنا رۆژنامەیەكی وەكو هاووڵاتیو رای گشتی، باش دەزانن مەبەستم ئەوان نییە، هەر بۆیە نەهاتنە قسە، چونكە ئەوانیش ئاگادارن چ رۆژنامەیەك شەڕەجنێو دەكات، چ رۆژنامەیەك سەرنووسەرەكەی فەرمانبەری حكومەتەو بە پارەی حكومەت دژایەتیی حكومەت دەكات، چ سەرنووسەرێكە خوێندەوارییەكەی كۆڵەوارەوەو تەنها بۆ وەرگرتنی یارمەتییە چەند هەزارییەكەی حكومەت، ناوبەناو بڵاوكراوەكەی دەردەكات.

من جارێكیتریش پێت دەڵێم" دڵنیام ئەوانەی دەوروبەرمو تەنانەت خۆشت دەزانیت كە من حەز ناكەم مەدحی یەكێتی یا پارتی یا هەر لایەنێكیتر بكەم، بەڵام خۆ تۆ ناتوانیت بە ماست بڵێی رەشە، چونكە ئەوە ناهەقیەو ناڕەواشە، بۆیە من كە دەبینیم ئەو ئازادییە هەیە، ناكرێ نكۆڵیی لێ بكەم.

لەلایەكی دیكەشەوە، تۆ ناهەقانە دەڵێی هیچ حزبێك ئازادیی بۆ خەڵك دەستەبەر نەكردووە، بەڵكو راپەڕینی جەماوەری خەڵكی كوردستان لە بەهاری ١٩٩١ ئەو ئازادییەی فەراهەم كردووە!

من لێت دەپرسم حزب چییە؟ ئەی جەماوەر چییە؟. تۆیەك كە هەرئەوەندە شارەزاییت هەبێو دیوارێكت لە نێوان جەماوەرو حزب دانابێو لەیەكیان جیابكەیتەوە، بۆیە دڵنیام خوێنو گۆشتیش لەیەك جیادەكەیتەوەو دیوارێكیان لەنێوان دروست دەكەی وەك بڵێی پەیوەندییان بەیەكەوە نییە.

كاكی برا. . ساڵی ١٩٩١ نە ئەو (حزب) ەی كە تۆ لە (جەماوەر) ت جیاكردۆتەوە" بێ جەماوەر راپەڕینی پێ دەكراو نە جەماوەریش بێ حزبە رەسەنەكان. دوایی حزب خۆی رێكخراوێكی جەماوەرییەو لە توێژێەكانی كۆمەڵ پێكدێت، تۆ بەچ هەقێك لەیەكیان جیادەكەیتەوە؟ بەڵام ئەوەندە مەعلومە كە تۆ راپەڕینت نەكردووە كە وەك تۆی دانیشتووی كەنەدا ئیدعیای دەكەی، بەڵكو دراوسێكەی ئێمە، خەڵكی گەڕەكو شارەكانی ئێمە راپەڕینیان كرد.

هەڵەیەكی تریشت كردووە كاتێك كە دەڵێی (دوانی وەك جەنابتە كە دەڵێن حكومەتی هەرێم مۆدرێنەو لەگەڵ رەوڕەوەی سەردەم دەگوزەرێ، ئەگەر مۆدێرنە چ كارێكی بەوە هەیە رۆژنامەیەكی ئەهلی چیی دەنووسێ) . یەكەمجار تۆ وەسفكردنی حكومەتت بە حكومەتێكی مۆدرێن بەعەیبە لەقەڵەم داوەو وەك بڵێی ئێمە تاوانێك دەكەین كاتێك حكومەتەكەمان بە مۆدرێن لەقەڵەم دەدەین، حكومەت هیچ رەخنەیەكی لە رۆژنامەی ئەهلی نەگرتووەو هیچ كارێكی بەوەشەوە نییە كەرۆژنامەیەكی ئەهلی چیی دەنووسێتو تەنانەت بودجەشی بۆ دابین

کردوون، ئەوەی من نووسیومە رای خۆمەو ئەخلاقی پیشەکەم کە رۆژنامەنووسی‌یە وای لێکردووم لە هەندێک دیاردەی دزێوی ئەم بوارە بێمە قسە.

دواتریش من رۆژنامەی ئەهلیم بە تێکدەرو خائین لەقەڵەم نەداوە، نازانم ئەم بوختانەت لە کوێوە هێناوە، بەڵکو دەڵێم (کەسمان لێیان دڵنیانین) واتا لەو رۆژنامانەی کە مەبەستی نووسینەکەم بووە" دڵنیا نیم.

بەڕێز . تۆ شتەکانت شێواندووەو هەندێک قسەشت لە هەگبەی خۆتەوە هێناوەو دەڵێی تۆ وات گوتووە! کەس گوتوویەتی ئەوەی سەرنووسەری رۆژنامەیەکی ئەهلی بوو ئیتر نابێ بژی؟ نەخێر شتی وانییە، بەڵکو دەڵێم ئەوەی لە حکومەت مووچەیەکی باشی وەرگرت، ئەوەی مانگانە چەند هەزار دینارێک وەک یارمەتی بۆ رۆژنامە –ئەهلییەکەی– وەربگرێت، هەق نییە بەیانییان لە دیوانی وەزارەت مەدح و ستایشی حکومەت بکاو دوای نیوەڕۆ لە جادەی سەهۆڵەکە جنێو بەهەمان ئەو حکومەتە بدا کە خۆی و رۆژنامەکەی دەژیێنێ.

دەکرێ تۆ باوکت یا هەریەکێکی‌تر مانگانە چەند هەزار دینارێکت یارمەتی بدا، بەڵام کە چوویتە دەرەوەی ماڵ جنێوی پێ بدەیت و دژایەتی بکەی؟!

دەکرێ تۆ نهێنی و زانیاریی کاروباری ئەو شوێنەی ئیشی تێدادەکەی، بۆ رەواج پەیداکردنی بڵاوکراوەکەت و بەمەبەستی دەستکەوتنی بڕێک پارە، بدزی‌و بڵاویبکەیتەوە؟! ئەوە چ ئەخلاقێکە، چ پیشەیەک، چ ڕێسایەک ئەو رەفتارەی قبوڵە؟! بێگومان تۆ خۆشت شتی وات پێ قبوڵ نییە (ئەو کانیەی ئاوی لێ دەخۆیتەوە" بەردی تێ فڕێمەدە) . . مەبەستم ئەوەیە ناکرێ تۆ بەیانیان لە راگەیاندنی حکومەت بیت و کاروباری راگەیاندنی حکومەتی بەڕێوەبەریت، کەچی دوای نیوەڕۆ هەر ئیشی راگەیاندن بکەی بەڵام لە دژی حکومەت. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەو قسەیەشم دەڵێم بۆ نموونە تۆ بەیانیان بەڕێوەبەری بانکێکی حکومەتی، دەکرێ لە هەمان کاتدا دوای نیوەڕۆ بەڕێوەبەری بانکێکی تایبەت بە خۆت بیت و هەردوولا بقۆزیتەوە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆت؟ بێگومان لەو حاڵەتەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆت پارەی دەوڵەت تێکەڵ بەپارەی خۆت دەکەی و زیان لەدەوڵەت و خەڵک دەدەیت.

لەلایەکی تریشەوە، دیسان توانجم لێ دەدەی و دەڵێی (جەنابیشت خۆت لێ کردووینە رۆژنامەنووسێکی ئازادیخوازی عەیارە ٢٤، کەچی شەرمیش ناکەی کە لە رۆژنامەیەکی حزبی مووچەیەکی زۆرباش وەردەگری) !

تۆ چووزانی ئەو مووچەیەی لە رۆژنامە حزبییەکەم وەری دەگرم" باشە؟ چووزانی کە بەشی کرێ‌خانووی خانەوادەکەم دەکا یان نا؟ تۆ دیارە زۆر بەهەڵە تێگەیشتوویت و لە هەمان کاتدا تەمەننا دەکەی لە رۆژنامەیەکی وەک کوردستانی نوێ بوویتایە، ئەگینا ئەو هەموو رق و کینەیەت دەرنەدەبری. جگەلەوەش تۆ بۆ من و ئەو ژنە سەربەرزانەی کە مێردەکانیان ئەنفال کراوە بەیەکەوە دەبەستیتەوە؟ ئەوان نەبەمن و نەبەتۆش بەراوردناکرێن، تۆ وەک خۆت وات ئیدیعا کردووە لە کەنەدا هایلایف دەژییت، ئەوەی تۆ لە رۆژێک دەستت دەکەوێت کە کەس نازانێت چۆن پەیدای دەکەی" چەند قاتی هەموو ئەو مووچەیەیە کە من وەری دەگرم، ئەوەی کە تۆ لە سەعاتێکدا دەستت دەکەوێت، چەند قاتێک لە کۆی ئەو پارەیە زیاترە کە ژنێکی سەربەرزی مێرد ئەنفال کراو مانگانە لە کوردستانەکەی خۆیدا بە ئارەقی نێوچاوانی دەستی دەکەوێت، تۆ دەبووایە نەک من، بەڵکو ئەو کەسانەت بە موستەحەق نەزانیبا کە لە کوردستان مانگانەکەیان سەدان دۆلارەو لەسەر حیسابی میللەت وەریدەگرن، پێم بڵێ تا ئێستا چەند سەنتت بۆ یارمەتیدانی ژنێکی مێردئەنفالکراو ناردۆتەوە؟ چەند سەنتت کردۆتە یارمەتی بۆ منداڵە شەهیدێک؟ کەچی رەخنە لەمن دەگری و چاوت لەو مووچە کەمەیە کە من وەری دەگرمو خۆشت لە وڵاتێکی وەک کەنەدا ئازارو مەینەتیی میللەتەکەت بیرچۆتەوە.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
25/09/02 23:25

بەڕێز، تۆ دەڵێی (تۆ نەدەبوو باس لەو سەرنووسەرانە بکەی چونکە هەر هیچ نەبێ ئەوانە جێدەستییان دیارە) ، لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامە حزبی و ئەهلییە سەنگین و ڕەسەنەکان، دیسان دەڵێم، هەموو لایەك دەزانن من مەبەستم چ ڕۆژنامەیەکە، بەڵام توخوا ئەمجۆرە سەرنووسەرانەی کە من باسم کردبوون" جێ دەستییان لەچیی دیارە؟ چ سەروەرییەکیان بۆ خۆیان و بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی تۆمارکردووە؟ بۆ باسی ئەو سەروەرییانەت نەکردووە کە تۆ پێت وایە کردوویانە؟! ئەوان جگە لە بوختان و شەڕەجنێوی هاوشێوەی نووسینەکەی تۆ" چما هیچ شتێکی تریان کردووە بەباشە لە خانەی کاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی دابنرێت؟ بۆ چما هیچ ڕۆژنامەیەك بەئەهلی و حزبیشەوە هەیە باسی دڕندەیی و تاوانەکانی حزبی بەعسی نەکردبێت؟

بەڵام دیارە ئەوەی تۆ مەبەستتەو وەك لە قسەکانیشت دەردەکەوێ" پیادەکردنی ئەوەیە کە دەگوترێت" گرنگ ئەوەیە ناوت ببرێت" چ بەچاکە یا بەخراپە". ئەگینا تۆش ئەو هەموو ناڕەواییەت بەرامبەر بەمن نەدەکردو بەرگریشت لەو کۆلکە خوێنەدەوارو ڕۆژنامانە نەدەکرد" بەڵام دیارە خۆت لە کۆلکە خوێنەرێکی ئەم کۆلکە ڕۆژنامانە زیاتر" هیچیتر نیت. .

هەروەها تۆ دەڵێی (خۆزگە دەمزانی کاك کاروان مەبەستی لەکێیەو ئەو کەسە کێیە کە ئەو بەو شێوەیە ناوی دەبات) ، توخوا تۆ شەرم ناکەی ئەم هەموو قسە ناڕەواو ناشرینانەت کردووە" نەشتزانیوە مەبەستم لە نووسینەکەم کێبووەو لە کۆتایی ئەو نووسینە جنێوئامێزەت لێم دەپرسی مەبەستم کێبووە؟ من هەر ئەوەندە دەپرسم کەی ئەخلاقی نووسینی ڕۆژنامەنووسیی وایە؟ تۆ کە نەزانیت مەبەستم کێیەو خۆزگە دەخوازیت ئەو مەبەستەم بزانیت" چۆن وا هێرش دەکەی؟ ئەمە چ عاجبیاتییەکە؟!

کاکی بەڕێز. تۆ جارێکیتر تۆمەتم بۆ دروست دەکەی و دەڵێی (هەموو ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیرییەکەی تۆ لەو ئاستەدایە کە بێیتەسەر ئەوەی گاڵتەجاڕی بەوەبکەیت خەڵکی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بە چ شێوەیەك قسەدەکەن و جیاوازییان چییە لەگەڵ ناوچەیەکیتر) .

کاکی برا، ئەو ناوچەیەی تۆ باسی دەکەی کە گوایا وا قسەدەکەن، چاك دەزانم مەبەستت هەولێرو دەوروبەرییەتی، منیش خۆم خەڵکی هەولێرم و کەسیش گاڵتەجاڕی بەکەس و کاری خۆی ناکا تا یەکێکی وەك تۆ بێت بەشەکر شکاندنەکانی فرمێسکی تیمساحیان بۆ بڕێژێ، من ئەو شتەشم بە گاڵتەجاڕییەوە نەنووسیوە، بەڵکو دەڵێم ئەوەی کە نازانێ (ع) و (ح) لەیەکتر جودابکاتەوەو کەئەوەی من مەبەستمە بڕوانامەی پۆلی سێی ناوەندیی هەیە، با سەرنووسەر نەبێ و ڕۆژنامە دەرنەکا، با گاڵتە بە خۆی و بە پیشەکەش نەکا.

جگەلەوەش قەڵەمی من سەیرو سەمەرە نییە، بەڵکو قەڵەمەکەی تۆ سەیرو سەمەرەیە، چونکە پڕە لەجنێوو قسەی ناشرین و وشەی سەیرو نامۆ بە ئسلوبی قسەو گفتوگۆی ئاسایی.

بە هەمان شێوە تۆ دەڵێی گوایا من هەڵەم کردووەو ڕۆژنامەنووسیم بە پیشە داناوە. ئەی باشە ڕۆژنامەنووسیی چییە؟ ئەی من و سەدانی وەك من ئەگەر پیشە نەبێت چۆن مووچەی لەسەر وەردەگرین؟ ڕاستە هونەرییانە دەبێ مومارەسەبکرێ، بەڵام دواجار پیشەیە. بۆ نموونە دەڵێن تۆ پیشەت چییە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێی ڕۆژنامەنووس. خۆ ناڵێن تۆ هونەرت چییەو چ هونەرێك دەکەی ئینجا بڵێی ڕۆژنامەنووس. ڕۆژنامەنووسیی خۆی پیشەی گەڕانە بەدوای ماندووبوون، خۆی ماندووبوونە، لەوەش باشتر نییە کە ڕۆژنامەنووسی پیشە بێت" بۆ ئەوەی بژێوی خۆی دابین بکاو چاویشی لەدەستی کەس نەبێت و بتوانێ کاروباری ڕۆژنامەکەیشی پێ ببات بەڕێوە.

www.kurdistannet.org
25/09/02 23:25

**ئەوەندەش لەسەر دوابڕگەی قسە ئاست نزمەکانت دەڵێم، کە من بە یارمەتیی هیچ کەس نانووسم، بەڵکو دەستی چەندین کەسی وەك تۆم گرتووەو فێری نووسین و ڕۆژنامەنووسیم کردوون، هەروەك چۆن خۆشم لەسەر دەستی کەسانێکی دیکە فێربووم، بەڵام دیارە خۆت بە یارمەتیی کەسانیدیتر" ئەم وشەو ڕستە پووچەڵانەت بەیەکەوە ناوە.**

**بەهەرحاڵ، ئەو کەسە کەسە کە ئەلفێکی بەسە. . من نامەوێ زیاتر لەسەر ڕوونکردنەوەی هەڵەکانت بڕۆم، ئەوەندە دەڵێم خۆزگە ناوی ڕاستەقینەو ئیشی خۆت دەنووسی تا بمزانیبایە چیت و لەچ ئاستێکدای.**

**خۆ منیش دەمتوانی بابەتەکەم لەژێر ناوێکی موستەعارەوە بڵاوبکردابایەوەو بشمنووسیبایە لە جیبۆتی یا لە فلپین دادەنیشم، بەڵام مەسەلەکە ئەوەندە ناهێنێ و دیارە تۆش لە دەرخستنی شەخسیەتی خۆت دەترسیت و خەڵك باش دەتناسن.**

**لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لە خوێنەرو کاك عومەر فارس بەڕێوەبەری سایتی بەڕێزی کوردستان نێت_یش دەکەم کە سەرەڕای ئەوەی لە نووسینەکەی پێشوومدا ڕەخنەم لەو جنێوفرۆشتنەی ناو ڕۆژنامەگەریی کوردی گرتبوو، کەچی ناچارییان کردم بە وەڵامدانەوەی ئەو بابەتە جنێو ئامێزەی ناوبراو بە ڕامان حەسەن، بێمە ناو ئەو گۆمە پیسەی وەڵام و وەڵامکاریی لەگەڵ خەڵکانێکی جنێو فرۆشدا.**